# ئەوە " با "بوو .. بەدوای سێبەرەکەمدا دەگەڕا

**گۆران صدیق**



"لەیادم نیە،ناشچمەوەسەرئەو سەرەتاییەی کەخەیاڵمی بەسنگی ئەم"با"یەداهەڵواسی
نازانم ..! کام سێبەری نەناسراو بوو لە هەنگاوەکانم ئاڵا و فێری کردم
بەدوای شتێکدا ڕا بکەم مەحاڵە گەیشتن پێی
هێندە نەبێ کە دەزانم من دەمێکە لەژێر بارانی ئەم کەئابەیەدام و
ڕۆژ بە ڕۆژ تەڕو تەڕتر دەبم و ژیانیش لە بێمانایی خۆی ناکەوێت "

**************

هیچ سەرەتایەك نەماوە
ڕەنگە لێرەدا ژیان کۆتایی بێت
چونکە چیدی توانای ئەوەم نەماوە بەم چاویلکە شکاوەی دوای جەنگەوە
سەرلە نوێ بڕژێمەوە ناو ژیان و
خۆرنشینان بە ناو ڕەنگ بە ڕەنگی ئەو وەرزانەدا پیاسە بکەم، کە خۆشم ویستوون ڕەنگە ئیتر
حەوسەڵەی ئەوەم نەمابێ لە هێمنی شەوێکدا
سەرم ڕۆکەمە نێو پەرداخێك مەستیەوەو
تا ئەوسەری قیامەت بڕۆم

هەنگاو بە هەنگاو ئەو ڕۆشناییانە بچنمەوە کە لە گیانی منداڵیم هەڵدەوەرێن

ئیدی من ناتوانم بەم پارچە ئاوێنە شکاوەوە وەك جاران

ڕووناکی بخەمەوە نێو ژوری" یار"و پێی بڵێم :

ئەی دۆست .. دۆستی ئازیز

دەستە تەڕوو بڕەکانت کوانێ ؟

ئەی دۆست ..

ئەی گەشاوەترین جەستەلە ژێرئەم ڕووناکیە دەستکردەدا

دەستە میهرەبانەکانتم بەرێ

تەماشاکە، لەژێر قامچی ئەم بروسکە بێوەفایانەدا

چەند سەخت دەگوزەرێ ڕۆژگار

لەنێو ئەم هاوکێشە بازنەییەدا چەند بێمانایە ژیان

کەتیایدا من و تۆ، هەموو ڕۆژێ

بە هێشوویەك بەختیاری کوژراوەوە

بە باوەشێك گلەیی تەڕەوە

بە بەرچنەیەك زەردەخەنەی ڕنراوو

بە کۆڵێ سکاڵای فەرامۆشکراوەوە

بێ وچان لە نزیك سنورە بێ ڕەحمەکانی دڵی" ئەو"دا ، دڵی ژیان

بەدوای ئاوەدانیدا وێڵین

تەنیایی خۆشمان

لە ژێر کرێوەی ئەم نائومێدیەدا

بۆ ئەو پۆستە چیە پیرانە دەگێڕینەوە

کە ئێواران بە قومێك شەراب مەست دەبن و

شەوانیش بەر لەوەی لەبەردەم هەناسەی ساردی پەنجەرەکاندا بنون

بەدەم چاوەڕوانیەوە دڵیان دەوەرێت

*************

ئەی دۆست .. دۆستی ئازیز

لەنێوان دەستەکانی من وتۆدا

لە ژێر سێبەری خواروخێچ و پڕ لە کوفری ئەم دارچنارە ڕووت و قوتانەدا

کە بەسەر هات و ڕوداوەکان ئاوها بێت

ئیدی بۆ هەقمان نەبێ، تێکڕای ئەو دروشم و یاسا باوانە ڕەت بکەینەوە

کە لەیەکەم چرکەی لە دایك بونمانەوە ئێمەی پێ لە خشتە دەبرێ ؟

کە ژیان لە نێوان نیگاکانی من و تۆدا

ڕۆژ بەڕۆژ تاریك و تاریکتر ببێ

ئیدی بۆ ڕەوا نەبێ حاشاکەین ؟

حاشا لەو عاشقە کالفامانە بکەین

کە بەبەرچاوی ئێمەوە، تێکڕای چرپاکانی ئێرەیان بەکۆڵ بۆ بیابان بارکردو

لەوێ بەتەنیشت سێبەری دڕکاوی گژوو گیا کورتە باڵاکانەوە ناشتیانن

ئیدی بۆ ڕەوا نەبێ، ئەو فیتنە سازانەی نێوان خۆم و خۆت ڕیسوا بکەین؟

کە بەیانیان زوو ، بە غرورەوە

ناودڵی باخچەکەمانیان پڕ دەکرد لە قاوقیژی شەونمەکان و

نەیان دەهێشت پەپولە هەرزەکارەکانی هاوڕێمان

بەلاسکی برینداری گوڵەکانەوە خەو ببینن

پێم بڵێ ئەی دۆست ، پێم بڵێ

چۆن چۆنی چاوپۆشی لەو دەستە بێڕەحمانە بکەین؟

کە وێرایان ئەو ئەلبومە خوساوانەی ژێر دەریا دەربهێنن

کە پڕ بوون لە وێنەی ڕەش و سپی من و تۆ

دوابەیەکی وێنەکانیشیان

بەو دیوارانەدا هەڵواسی کە بە لافیتەی ڕەش و وێنەی شەهیدەکان نوشتابونەوە

پێم بڵێ ،

بەچ دڵێکەوە لە خیانەتی ئەو دەستە نزیکانە خۆش ببین؟

کە دەیان پەرژایە سەر ئەوەی

تۆپەڵ .. تۆپەڵ

گڕ لە بورکانە دوورەکان قەرز بکەن و

بۆ نێو دڵی پڕ لە لۆکەو ئیسفنجی ئێمەی بهێنن

***********

ئەی دۆست .. دۆستی ئازیز

ئیدی هەقمانە، شوێن پێی ئەو ڕاوچیە فێڵبازانە بە نەفرەت کەین

کە سەگە پیرو شەلەکانی سەرسنوریان

لەیەکەم دڵۆپە خوێنی کۆترەکانی ئێرە هانداو

قاچاخچیە بێ ڕووەکانیشیان فێر کرد

بەبەرچاوی کورسیە چۆڵ و بێنازەکانی نیشتیمانەوە

بێشەرمانە، جانتاکانی هەموومان لێوان لێوکەن لە سەفەرو پەشیمانی

ڕێگەشیان نەداین بۆ دواهەمین جار

ئاوڕ لە شوێن پێ ی خنکاوی یەکتری بدەینەوەو بلێین :

ئەی دۆست .. دۆستی ئازیز

ئێمە دەڕۆین

دەڕۆین و

بەسەر درکە گوناهبارەکاندا هەنگاو دەنێین

دەڕۆین و

هەناسەمان پڕ دەبێت لە بۆکڕوزی هیواکان

دەڕۆین و

ناپەرژێینە سەر ئەوەی، توند.. توند یەکتری لە ئامێز بگرین

دەڕۆین و

ناشپرسین لە دڵی یەکتری بۆ خەریکە لە گریاندا پیر.. پیر دەبێت

دەڕۆین و

فریای خواردنەوەی قومێك ڕووناکی ناکەوین

فریای ئەوە ناکەوین لە جامێکی پڕ لە میهرەبانیدا

بەدوای یەکدا ئاو بڕێژین

بیرمان دەچێت

بۆنی کۆڵانە قوڕینەکان

لە شوشەیەك عەتری بنباخەڵدا جێگا بکەینەوە

دەڕۆین و

بەکڵۆیەك خەڵوز

لەسەر پێستی نەخۆشی دیوارەکان دەنوسین :

ئەی دۆست .. ئازیزترین دۆست

ئامانەتی تۆو نوستن لەژێر سێبەری باڵندەکاندا

لە ڕژانە ژێر چەترێك دڵداری ، بەشەرمەوە

ئامانەتی تۆو ڕۆیشتن بۆ کەنار دەریا

فەرامۆش نەکردنی دڵی ماسیە تازیەبارەکان

ئامانەتی تۆ و تیمارکردنی ئەو ئەسپە بریندارانەی

لە جەنگەکانەوە بەبێ سوار دێنەوە

ئامانەتی تۆو چونە ناو کۆڵانێکی کۆن و وێران

کەجمەی بێت لە بوکەشوشەی ترساو

ئامانەتی تۆو لێدانی دەرگایەکی مڕومۆچ لە ناوەختا

بە مەبەستی نزیك بونەوە لە خودا

ئامانەتی تۆو پارچە ژەنگاویەکانی دڵی" من " لە بێوەفاترین ئینجانەدا

ئامانەتی تۆ ئەی دۆست

ئامانەتی تۆو دڵی "من " کە لەنێو ڕاڕەوە تاریکەکانی ژیاندا دۆڕاندم

دۆڕاندم و ئێستاکەش بێ دڵم

بیر لە میهرەبانی ئەو شەوگارانە ناکەمەوە

کە ئاسمان نێو باوەشی پڕ دەکردم لە تریفەی ئەستێرەکان

بیر لەوەش ناکەمەوە وەك جاران

قوڵپێك لە گریانی هاوڕێکانم کۆکەمەوەو تاریکی نێو دڵیان بپشکنم

ئێستاکە من بێ دڵم .. بێ دڵ

دەنگی باران

کە لەودیو پەنجەرەکەوە دەبارێ

وەك ئەوسا سەرسامم ناکات

دەمەوێ موبتەلا ببم بە ئەفیون

واچاکترە وەك باوترین و سادەترین پیاو

بخزێمە سوچی چایخانەیەکەوە

بەبێ دەنگ

سەر بنێم بەدڵی ئەم شارە بێ دەرگاو تەنیایەوە

بۆ لەبیرچونەوەش

خۆم بەهەڵدانی زارێکەوە سەرقاڵ بکەم ........